## ڕوونکردنەوەیەک لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان

دوا بە دوای بڵاوکردنەوەی بەیانی دامەزراندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لە سوید، چەندین نامەی پیرۆزباییمان بەدەست گەیشت، هەندێکیش داوای ڕوونکردنەوەی زیاتریان لێکردوین. لە پێشەوە زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەین کە پەیوەندییان پێوە کردوین. بۆیە لێرەدا دەمانەوێ ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوە بڵاو بکەینەوە:

ژمارەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بەتایبەت لە وڵاتی سوید زۆرن، ئەوانەی کە خەباتیان کردووە بۆ کوردستان، جا لە ڕیزی چ حیزب و لایەنێک بووبێت. بڕێکی زۆری ئەو پێشمەرگانە، تاوەکو ئێستا چالاکانە لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی حیزبەکەیاندا بەردەوامە و بڕێکی تریش، ڕەنگە پەیوەندییان نەمابێت لەگەڵ حیزبەکەیان لە بەر هەر هۆیەک بووبێت، وە یان لە حیزبایەتی دوورکەوتبنەوە. ئێستاش وا کوردستان لە سەردەمێکی تر دایە و بەری خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە دێرینەکان تا ڕادەیەک پێ گەییوە و خودی پێشمەرگە دێرینەکانیش کە لە تاراوگە ژیان بەسەر دەبەن، تا ڕادەیەک لێی بێبەشن.

ئەمرۆ، پاش نەمانی ئەو ڕژێمە گۆربگۆڕەی بەعس کە ئێمەی پێشمەرگەی دێرین، گەنجایەتی خۆمان تەرخانکرد بۆ بەرنگاربوونەوەی، لە هەموو کاتێکی تر لەبارە، بۆ خۆگردکردنەوەی خۆمان لە کۆمەڵەیەکدا، کە بتوانین پێکەوە هەوڵ بدەین بۆ پاراستنی کەسایەتی پێشمەرگە، نەک بکرێت بە هاووڵاتی پلە یەک بەڵام بە مرۆڤی شاخی و نا هاوچەرخیش نەناسێنرێت و مافی نەخۆرێت.

ماوەیەکی دوور و درێژە، ئێمە کۆمەڵێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕشی نوێی کوردستان، دانیشتووی وڵاتی سوید، بیرمان لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەک بەو ناوەوە کرد، بەڵام لە بەر ناڵەباری بارودۆخی کوردستان و چەند هۆیەکی تریش هەر دواخرا. لەو هۆکارانە، ئایا کۆمەڵەیەک دامەزرێنین بۆ هەموو و کێ بۆی هەبێت ببێت بە ئەندام؟ ئەگەر کۆمەڵەیەک بۆ هەموو پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانی باشوور بە هەموو پارتەکانەوە، ئەوا چۆن وڵامی پێشمەرگەی بەشەکانی تری کوردستان بدەینەوە، زۆر بەڕاشکاوییەوە دەڵێین، تاقیکردنەوەی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە شارەکانی سوید، جێگەی ڕەزامەندیمان نەبوو. بۆیە پێمان باش بوو وەک هەنگاوی یەکەم، کۆمەڵەیەک بۆ پێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕشی نوێی کوردستان دامەزرێنین.

هۆکاری تریش، پێناسەی پێشمەرگەی دێرینە و ماوەی پێشمەرگایەتییەکەی. ئێمە هیچ لاریمان لەوەدا نییە کە کەسانێکی زۆر هەن پێشمەرگە بوونە و بە پێی توانای خۆیان خەباتیان کردووە. ئێمە بە هیچ شێوەیەک مافی ئەوە نادەینە خۆمان پێناسەی پێشمەگەی خەباتگێر و ناخەباتگێر بکەین. بەڵام وارێک کەوتین کە مەرجی بوون بە ئەندام لە کۆمەڵەکەمان، دەبێت ئەو کەسە بەلای کەمەوە، پێش ڕاپەرینی ۱۹۹۱، ساڵێک پێشمەرگە بووبێت (باش دەزانین کە ساڵێک ماوەیەکی درێژە)، یان بەکردەوە پێشمەرگە بووبێت، نەک تەنها بە ناوچە ڕزگارکراوەکانی بن دەستی پێشمەرگەدا تێپەڕیبێت بۆ هەندەران و ئێستاش خۆی بە پێشمەرگەی دێرین بزانێ. ئەو پێشمەرگانەش، ماوەی پێشمەرگایەتییان لە ساڵێک کەمترە. مانای ئەوە نییە کە پێشمەرگەی دێرین نییە. ئێمە دەتوانین پێشنیاری گۆڕینی ئەو خاڵەی دەستوورەکەمان بکەین بۆ کۆنگرەی داهاتوو، ئەگەر بۆمان دەرکەوت کە دەبێتە ڕێگر، لە بەردەم بوون بە ئەندامی پێشمەرگەی دێرینی ڕاستەقینە.

زۆرن ئەوانەی باسی چوونە شاخی خۆیان دەکەن، بێ ئەوەی بتوانن ڕۆژ، مانگ و ساڵی بوونیان بە پێشمەرگە یان وازهێنانییان لە پێشمەرگایەتی دیاری بکەن. بۆیە زۆر ئەستەمیشە کە بنچینەی ئەو زانیارییانە بەدەست بهێنن، لەبەر نەبوونی ئەرشیفێک وەیا دەزگایەک کە لێوە بتوانرێت زانیاری تەواو دەربارەی پێشمەرگەی دێرینەکان چنگ بکەوێت.

ئێمە پێمان باشە، پێشمەرگەی دێرینی ڕیزی هەر پارتێکی کوردستان، کۆمەڵەیەک بۆ خۆیان دامەزرێنن. دەشێ بتوانین پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانماندا هەبێت و فیدراسیۆنێک دامەزرێنین بۆ سەرجەم پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان و بە یەک دەنگ و یەک دەست پارێزگاری لە مێژووی خەباتمان بکەین و بەرەی ڕەنجی تێکۆشانمان لە دەست نەچێت.

کۆمیتەی بەڕێوەبەر
کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان
pm_dereen@yahoo.se